حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

حكومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

(ISO 9001:2015)

ژمارە: ١٢١٨٩ / ك
رێکەوت: / / ٢٧ کوردی

العدد:
التأريخ: ٣٠ / ٤ / ٢٠٢٤

ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢٤)

هەمواری دووەمی ڕێنمایی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران و دانانیان لە پایەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١

دوا بەدوای ڕێنمایی وەزارەتمان ڕێنمایی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران و دانانیان لە پایەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١ی هەموار کراو بە ڕێنمایی ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٢٢ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩.

بڕیارماندا بە : دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە هەمواریيە:

ماددەی یەکەم :هەموار کردنەوەی خاڵی (٢)ی برگەی سێیەم لە ماددەی چوارەم لە ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران و دانانیان لە پایەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:

ماددەی چوارەم:خاڵی (٢) برگەی سێیەم پلەی(عقید بۆ عمید)

٢. پێویستە پۆستی (بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بێت لە یەکێک لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ)، و (بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بێت لە یەکێک لە دامەزراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆ لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان)، بەمەرجێک بەڕێوەبەرایەتییەکە لە پەیکەری ڕێکخستنی پەسەندکراو هەبێت، یان پشکێنەر بێت لە دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ،یان ئەندام یان داواکاری گشتی بێت لە دادگاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان فەرماندەی باڵەکان بێت لە کۆلیژی پۆلیس یان ئەو ئەفسەرانەی کەناونیشانی (شارەزا) لەدادگای تایبەتمەند وەردەگرن بەپێی یاسای شارەزایان بەرامبەر دادوەری ژمارە(١٦٣ی ساڵی ١٩٦٤) و ماوەی (١٠) ساڵ لە تاقیگاکانی بەڵگەکانی تاوان خزمەت دەکەن وسەرپەرشتی ئەو تاقیگانە دەکەن بەمەرجێک ناسنامەی شارەزایان هەبێت و ناسنامەکەیان بەسەر نەچوبێت .

ماددەی دووەم: ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە .

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

وێنەیەک بۆ:-

- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان ، بوزانین لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی داد/ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا
- بەڕێز بریکاری وەزارەت ، بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێزان ڕاوێژکاران ( ) ، بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- گشت پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان/( )بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- گشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ /( )بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- فەرمانگەی یاسایی/ بۆکاری پێویست
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- ب.ژمێریاری - ب.پلان دانان . - ب.ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان - ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون - ڕاژەی سەربازی
- خولاو .

ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
ئیمەیڵ:info@moi.gov.krd
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
ژ.تەلەفۆن:٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
Address: Kurdistan Region-Iraq
www.moi.gov.krd
05/ 05/ 2024
(Buhan)